# هەڕەشەی تورکیا لە کوردستان بە ئەمریکا ناکام ناکرێتەوە


## ئاسۆ کمال



asokamal@yahoo.com


هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر کوردستان یەکێك لە ئاکامەکانی شکستی ئەمریکا لەعێراقدایە. حکومەتی شۆڤینستی تورکیا خۆی لە بۆسەدا داناوە تاکو کەڵك لە شکستی ئەمریکا ببینێ لەعێراقدا و بۆیە ماوەیەکە کەوتۆتە پشتیوانی کردنی هێزە سونەکانی عێراق و خۆئامادەکردن بۆ دەستیوەردان لە وەزعیەتی عێراق. ستراتیژی تورکیا بریتیە لە پەیداکردنی شوێن پێیەك لە عێراقدا تاکو بتوانێ دەوری لەناوچەکەدا بکاتە وەسیلەیەکی فشار لەسەر لایەنە نیودەولەتیەکان و گێڕانەوەی دەورانی سەروەری سوپای تورکیا و جیگاوشوێنی لای ناتۆ وەك لەکاتی دەورانی جەنگی ساردا بەهرەمەند بوو لێی.

ئەمریکا لەوەزعیەتیکدا نیە لە ئێستادا کە مەرجەکانی خۆی بەسەر تورکیادا بسەپێنێ و بگرە هەڕەشەی دەستدرێژی تورکیا بۆ سەر کوردستان کراوەتە فشارێك بەسەر ئەمریکاوە کە حکومەتی تورکیا لەڕێگەیەوە دەیەوێت بەدەستی ئەمریکا خواستەکانی جێبەجێبکرێ. داوا لەسەر دەورپیدانی تورکیا لە دیاریکردنی چارەنوسی کەرکوکدا و نەهێشتنی پەکەکە و گۆڕینی دەستور و بەهێزکردنەوەی حکومەتی مەرکەزی عێراق، ئەو دەستدرێژیە سیاسیانەی تورکیایە کە لەپیناویدا شمشیری لەشکرکێشی سوپای تورکیای بۆ بەرزکراوەتەوە.

تورکیا لە تیکچوونی وەزعی ناوخۆی خۆی دەترسێ بەهۆی کاریگەری بارودۆخی کوردستانی عیراق لەسەر مەسەلەی کورد لە تورکیا وناوچەکەدا و هەربۆیە تیکچوونی وەزعی عیراق وشکستی ئەمریکا بەفرسەتی بەستنی دەرگای ئەم "خەتەر"ەی مەسەلەی کورد دەزانێ بۆ سەرخۆی . بەتایبەت لە کاتیکی واپەشێودا دەتوانێ خۆی لە فشاری یەکێتی ئەوروپادەربازبکات.

راپۆرتی بەیکەر—هاملتون زەنگیکی خەتەر بوو کە سیاسەتی ئەمریکای بەرامبەر بەتورکیا بە ئاراستەی رازی بوون بەم داوایانەی تورکیا نەخشەی بۆ ئەمریکا داناوە. ئەگەر چی ئیستا خەلیل زاد لەبەر دڵی تالەبانی ئەم داوایانەی تورکیا رەت دەکاتەوە بەڵام وەڵامی تورکیا لە زمانی ئەردۆغانەوە پیداگری تورکیا لە فشارهینان بۆ ئەمریکا بۆ ملدان بە مەرجەکانیان نیشان دەدات. گرتنە دەستی کارتی فشاری سونەکان بۆ تورکیا ئەمریکا لەبەرامبەر ئەم داوایانەدا درەنگ یان زوو نەرم دەکات و تورکیا دەکەویتە دەست دریژی کردنە سەر کوردستان.

خەلکی کوردستان دەبیت لەئیستاوە لە ئاستی دەرەوە و ناوخۆدا بکەونە فشارهینان و رێگەگرتن لە تورکیا و ئەو هەرەشانەی بەجدی بگرن و کەمپینی دژی ئەم دەست دریژیانەی تورکیا لە ئەوروپادا توند بکەنەوە. ئەم هەڕەشانەی ئیستای تورکیا لەئیستاوە ئەوە بەخەڵکی کوردستان دەڵێت کە دەبێت پەلە بکەن لە بەرپاکردنی رفراندۆم و جیابونەوە لە عیراق زوو بکەنە ئەمری واقیع و چیتر دانەنیشین بەدیار خۆشباوەریەکانی یەکیتی وپارتی بەوەی ئەمریکا کوردستان لە هەرەشەکانی تورکیادەپاریزی . ئەوەی کوردستان دەپاریزی لەم هەرەشانەی تورکیا تەنیا جیابونەوە لە عیراق و پکیهینانی دەولەتی سەربەخۆیە و هاوکات بەرپاکردنی رفراندۆمە لە کەرکوکدا بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی بەدوور لە دەستوەردانی تورکیا.

2007/01/16